# کەیۆسی ئازادیی لە کوردستاندا

خەتاب سابیر

" ئازادیی رادەربڕین چییە؟ بەبێ ئازادیی لە ئازاردان و تەنگەتاوکردنی بەرامبەردا. بەبێ ئازادیی لە بەرەنگاربوونەوەو گاڵتەجاڕیی بە هەموو بیروباوەڕێکی باو و کۆن، تەنانەت ئۆرسەدۆکسی ئایینیش، هەر بوونیشی نامێنێ".

سەلمان روشدی

ئەم ترسە گەورەیەی لەسەر زمانی زبر و رەق، هاتووەتە ناو کایەی سیاسیی و رۆشنبیرییەوە، بۆخۆی باکگراوندێکی قووڵی لە مامەڵەی نێوان دەسەڵات و ئازادییدا هەیە. هەمیشەش دەسەڵاتی کوردیی بۆ ئەوەی لە پایەی کۆمەڵایەتیی و خۆشەویشستیی هەندێ کەس بدات کە رەخنەی توند ئاراستەی دەسەڵات دەکەن، پەنا بۆ زۆر شێوە ناشیرینکردن و سووکایەتییکردن دەبات. بۆ نموونە رەخنەکانیان بە بازاڕیی و جوێنفرۆشیی ناو دەبات و سایت و شوێنەکانی بڵاوکردنەوەشیان بە زبڵدان ناو دەبات.

لەکوردستاندا هەرچی هەڵدەستێ و دادەنیشێ باسی ئازادیی دەکات، لەهەمووی خراپتر و سەقەتتر مۆدێلی دەسەڵات و نووسەرانی سەربەدەسەڵاتە کە باسی ئازادیی دەکەن. گومانی تێدانییە، کە نووسەرانی سەر بەدەسەڵات، بەردەست و فەرمانبەری دەسەڵاتن و بە چ ئاراستەیەکدا بیەوێ دەیانرەتێنێ و بەهەموو دارو بەردێکیاندا دەدات. لە باشترین دۆخیشدا، لەشکرێکن دەسەڵات دەیانکات بەگژ ئەوانەی کە رەخنەی رەق و زبر دەنووسن.

ئەمە ناوی چیی لێ دەنێی ؟ ئەم هەموو خۆ تەسککردنەوەو نازو نووزەی هەندێ نووسەر و رۆشنبیری سەر بەدەسەڵات، کاتێ دەیانەوێت لەرێگەی یانەیەکی یاسایی و ئەتەکێتی مۆراڵییەوە، فیلتەرێکی تۆکمەو بەربەستێکی گەورە دابنێن بۆ رێگرتن لە ئەوانەی زمانیان دڕ و زبرە. ناوی هەرچییەکی لێ بنرێ ، پڕ بەپێستی خۆی نابێ ، ئەوەندەی پێوەندیی بە تێگەیشتنی چەوتی ئەوان، لە سەر کۆنسێپتی ئازادیی لەکوردستاندا هەیە. ئەوەندەی ئەوان خولیای ئابڕووبردن و داشۆرینی ئەوانەن کە لەسەر سکانداڵەکانی دەسەڵات دەنووسن، هەموو هەڵپەیەکیشیان دواجار بۆ ئەوەیە کە لەلایەن دەسەڵاتەوە پاداشت بکرێنەوە.

ئاخر تێگەیشتن لە ئازادیی بۆخۆی بەهایەکی زۆر بەرزی مرۆیی دەوێت. ئایا هیچ رۆژنامەنووسێک، نووسەرێک، تەنانەت عەنتەرێک، دەتوانێ باس لە سامانی بێشوماری سەرکردەکانی کورد بکات، لەکاتێکدا سامانی بێئەژماری ئەوان وەک پاپۆرێکی گەورە لەدەریای گەندەڵییدا لەنگەری گرتووە. ئەگەر بیکات چیی بەسەردێ و لە کوێ خۆی دەبینێتەوە؟ خۆ هاوکێشەیەکی زۆرسادە هەیە کە کوێرو کەڕولاڵیش تێیدەگات. یەک بەرپرسی سیاسیی و سەربازیی نییە لەکوردستاندا بەرەنج و لێهاتوویی و بلیمەتیی و دانایی خۆی سامانی پێکەوە نابێت. باشە ئەم کەڵەکەکردنی سەرمایەیە، دزییکردنێکی ئاشکراو دەستڕێژییکردنێکی تەواو بۆ سەر سامانی گشتیی گەلی کوردستان، نییە!. باشە ئەگەر وشەی دزیی بەکارنەهێنین و تۆزێ خۆمان رێزدار بکەین ، ئەی چیی بەکار بهێنین ؟

سەلمان روشدی، کە توندڕۆ ئیسلامییەکان و ئۆرسەدۆکسە مەزهەبییەکان بە دێوودرنجی دەچوێنن، بەڵام لە ستاندارده

نێودەوڵەتییەکاندا بە سیمبلی ( سیمبۆڵ- Symbol ) ئازادیی رادەربڕین دێتە ئەژماردن. بەدوای چوارەمین رۆمانیدا "چامە ئەهریمەنییەکان" ( الايات الشيطانية - The Satanic Verses ) کەوتە بەر هێرش و فەتواوەو هەڕەشەی سڕینەوەی ژیانی لێکراو تا ئێستاش ژیانی لەمەترسییدایە. دواتر لە کۆمەڵە وتارێکی رەخنەیی زمان زبر و تیژو رەقدا، بەدرێژایی دەساڵ( ١٩٨١-١٩٩١ ) ، زۆر بەجوانیی وێنەی ئەو تەمتومانە ئایینیی و ئەرسەدۆکسییانە دەکێشێ کە بەنیازن بەبیانووی پیرۆزیی و بەهای بڵندەوە دەمی خەڵک دابخەن. بە تێڕوانینی ئەو هیچ شتێک لەسەروو رەخنەوە نییە، نە خوداو نەهیچ پێغەمبەرێک و نەهیچ خواوەندێکی سەر ئەم زەمینەش، ئیتر بۆ دەبێ پیاوەکانی دەسەڵاتی کوردیی و گەندەڵییەکانیان و ئیشە قۆڕەکانیان جێگەی رەخنە نەبێت و رەخنەش ئەگەر بگیرێ، ئەوە پێویستە بە زمانی سەردەم! و مۆدێرن ! و شەقشەقەوە بێت!. بۆ دەبێت ئەو ئیسلامییانەی ژنکوشتن و خۆتەقاندنەوە سیما ناسراوەکانیانن ، جێگەی رەخنەی توند و زبر و رەق نەبن؟

ئاخۆ ئەو نووسەرانەی کە ئێستا وانەی سەلاریی و جواننووسیی و بەرزنووسیی دەچریکێنن، خۆیان کێن و چ کارەن؟. مەگەر بەشی زۆریان ئەوانە نین کە ئەگەر دادگایەکی دادپەروەرانە هەبێ و سیستەمێکی ئازادو دیموکراسیی هەبێت ، دەبێت ئەوەندەی ژیانیان بەبەریەوە ماوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ و بەرێگەی دادگاوە بن. لەسەر هیچ نا، لەسەر جۆشدانی کەفوکوڵی گەنجان و ناردنیان بۆ کوورەکانی شەڕی نێوخۆیی کوردستان ، کە هەزارەهەیان لێکرا بە سووتەمەنیی شەڕێک کە ئاکامەکەی تەنها توندوتۆڵکردنی دەسەڵاتی رەهای دوو بنەماڵە بێت بەسەر خەڵکی کوردستانەوە. ئاخۆ بەشێکی زۆر لەو نووسەرانەی کە دەسەڵات دنەیان دەدات و بەگژ خەڵکی تریاندا دەکات، لەروویان دێت سەیری فایلەکانی رابردووی خۆیان بکەن و بزانن چییان نووسیوەو چییان بێژییوەو چییان رۆکردووە.

رەسڵ ( Bertrand Russell ) لە سەر ئازادیی رادەربڕین دەڵێ " لە دێمۆکراسییدا، پێویستە خەڵک فێری ئەوە بن کە چۆن بەرگەی پێشێلکردنی بۆچوونەکانیان بگرن" (Russell,1969,p.319). ئاخۆ بۆچوونی کام پیاوی دەسەڵاتدار و کام نووسەری سەر بەدەسەڵات پێشێلکراوە لەکوردستاندا، بۆچوونی کام پیاوی ئایینی و فەتوادەری مەزهەبیی پێشێلکراوە. هێشتا هەر ئەوانن هێرش دەکەن و هەموو پێشێلکارییەکانیش لەلایەن ئەوانەوەیە بۆ سەر ئازادیی نووسین و رادەربڕین. ئەگەر بیهێنینە پێش چاوی خۆمان ، لەئێستای کوردستاندا، پاش شانزە ساڵ لە ئازادییەکی کلک و گوێکراو، ئەگەر هەردوو هەفتەنامەی ئاوێنەو هاوڵاتی لێدەربکەین، چیی دەمێنێتەوە؟

رۆژنامە رەنگاورەنگەکانی دەسەڵات و ئەوانەی بەناو سەربەخۆن، بەهەرهەموویان ناتوانن پەیامی یەک لاپەڕەی ئەو دوو هەفتەنامەیە بگەیەنن. بەهەموو سایتە ئینتەرنێتەکانی دەسەڵات و نزیک لە دەسەڵاتەوە ناتوانن پەیامی دوو سایتی وەک دەنگەکان و کوردستانپۆست بگەیەنن. کوردستانپۆست سەرەڕای هەر رەخنەیەک لەشێوازی نووسین و ئەدەبیاتی نووسینی، بووەتە پەنجەرەیەک بۆ ئەوەی خەڵک بوێری بەدەسەڵات بڵێ نەک هەر قاچی خوارە ، سەریشی ، بیریشی خوارە. ئەوە دەسەڵاتی کوردیی و نووسەرەکانی سەر بەدەسەڵات و پیاوە فەندەمێنتالیستە ئیسلامییەکانن، لەدواوەن و هێشتا لە ئازادیی رادەربڕین نەگەیشتوونە. من بۆخۆم لەگەڵ ئەوپەڕی سنووری ئازادییدام، تەنها ئەوە نەبێت کە هێرشی تایبەتیی بۆ سەر ژیانی تایبەتی مرۆڤ نەکرێ. زۆر بەتایبەتییش درۆ هەڵبەستن و بوختاندروستکردن لە کێشە ئەخلاقییەکاندا. ئەگینا هیچ شتێک نییە ناوی هێڵی سوور بێت لەئازادییدا.

سەیری ئەم کۆمیدیایە بکەن، بەراوردێ لە نێوان نووسەران و مامۆستای زانکۆکانی ئێمەو رۆژئاواییەکاندا. بێرتراند رەسڵ لە ساڵی ١٩٤٠ وازی لە زانکۆی کالیفۆرنیا- لۆس ئەنجلیس هێنا پاش ئەوەی کە پیاوانی ئایینی کەوتنە بۆڵەبۆڵ بەسەر

سەرۆکایەتی زانکۆدا و ئەویش زانکۆکەی لەپێکردن. نووسەرەکانی پاڵ دەسەڵاتی سیاسییش لەکوردستان، هەریەکەو خۆیان بە رەسڵێک ناگۆڕنەوە، کەچیی ئامادە نین یەک هەڵوێستی لێبراوانە بنوێنن، جاروبار هەندێکیان خۆیان گیڤ دەکەنەوەو دەمیزێنن بەسەر باڵاخانەی زانکۆکاندا، کەچیی رۆژی پاشتر فس دەبنەوەو خاوەنی پیتێکی دوێنێش نابن کە خۆیان پێوە هەڵدەنا، سەرئەنجام کوێریش دەستەکانیان دەخوێنێتەوە و تێدەگات بۆ ئەوەیە دەسەڵات باشتر ئاوڕیان لێبداتەوە.

لە روانگەی بۆڵینگەر( Bollinger )ەوە هەرگیز کاری دەسەڵات و دەوڵەت نییە کە هاوڵاتیی لە ئازادیی داماڵێت ، بەڵکوو ئەوە هاوڵاتییە کە ئەو یاسایانە دەپەژرێنی کە لەناو کۆمیونیتییدا کاریان پێبکرێت و بە پێچەوانەشەوە. دەسەڵاتی کوردیی بەرادەیەکی ئەوەندە تۆقێنەر هەڕەشەی لە سایکۆلۆجییەتی تاکی کورد کردووە کە هەمیشە چاو لە رابردووی دەسەڵات بنووقێنێ.

ئەگەر ئازادیی رادەربڕین هەیە، کەس دەوێرێ لەیادی رۆژە سەخت وشوومەکانی( وەک ٣١ی ئاب، هێنانی پاسدار بۆ سەر هەیبەت سوڵتان کە بەسەر گەلی کورددا هاتووە لەسەر دەستی دەسەڵاتی کوردیی و هەردوو حیزب بەتایبەتیی) ریپۆرتاژێ ، وتارێ ، بیرەوەرییەک بنووسێ... ئایا ئەمانە مێژووی پرشنگداری حیزبە سیاسییەکانی گۆڕەپانی کوردستان نین. خۆ ناکرێ بەبیانووی گەندی ئاشتیی و ئاشتەواییەوە، مێژووە سەقەتەکەی خۆمان لەبیربکەین و شرۆڤەی نەکەین. ئەمە لەقوتووی عەتاری هیچ دەسەڵاتێکدا نییە، جگە لە دەسەڵاتی کوردیی نەبێ.

بەپێی تێڕوانینی پرۆفیسۆر فرێدریک هایێک ( Friedrich A. Hayek ) و بەکەڵکوەرگرتن لە یەکێک لەو وانە گرنگانەی کە هەردوو دورانت (Durants) بەجێیان هێشتووە، ئازادیی ناکرێ مەرجی بۆ دابنرێ، هەرکە مەرجی بۆدانرا سنووربەندیی تێدەکەوێ و سەرجەم پرۆسەی ئازادییش دەکەوێتە ناو کەیۆسەوە (فەوزا Chaos ) ( Durants,1968 ). ئەو سەرەڕای ئەوەی بڕوای وابوو کە ئازادیی لەرێگەی بەرژەوەندییەوە، هێڵکاریی دەکرێ و کەمێک هەلپەرستیی پێوە دیاربوو، بەڵام دیدی ئەو پڕبەپێستی دەسەڵاتی کوردییە. ئێستا لەکوردستاندا ئەو ئازادییەی هەیە، بووەتە کەیۆسێک کە هەرچی هێزی تاریکپەرست و توندڕۆ و میلیتانت هەیە سوودی لێ دەبینن و ئازادییخوازانی راستەقینەش هەمیشە قوربانیین.

لەعێراقی باوکی دڵڕەقی کوردستانیشدا ، جومگەیەک لەجومگەکانی ژیان نەماوە تێرۆر دەستی پێنەگەیشتبێ. عێراق بەشوێنێک گەیشتووە کە توانای بەڕێکردنی نەماوەو لەسەرەوە بۆ خوارەوە داڕزاوە. کەچیی ئەوەندەی باس لە نێگەتیڤیی و داگیرکاریی ئەمێریکاو لایەنە توندڕۆکانی شیعەو سوننەو میلیشیاکانیان دەکرێ، باس لە تێرۆر وەک خۆی ناکرێ، کەس ناوێرێ باس لەتێرۆر بکات، وەک ئایین وەک مەزهەب، وەک کولتوورو ئایدۆلۆژیا. هەمان شت بۆ ئەنفالیش دروستە، ئاخر بەتەنیا کولتووری بەعسیزم و پانعەرەبیزم و ناسیۆنالیزم نەبوو زەمینەی بۆ ئەنفال خۆشکرد، بەڵکوو ئیسلام، وەک ئایین دەستێکی باڵای لە ئەنفالدا هەبوو. گەورەترین زەخیرەی سایکۆلۆجیی سوپای بەعس بۆ ئەنفالکردن، ئیسلام و پەیامەکەی بوو. بۆ دەبێت کەس نەچێ بەلای ئەوەدا کە یەکێک لەفاکتەرە سەرەکییەکانی هاندانی سوپای بەعس و پیاوانی بەعس و کولتووری نەتەوەی سەردەستی عەرەب بۆ بەگژداچوونەوەی کورد و ئەنفالکردنی، ئیلهاموەرگرتن لە خوداو لە پێغەمبەر و لەئیسلام و لە قورئان بووە؟ ئەمە هیچ سووکایەتییکردن بە ئایین نییە، بەڵکوو شاردنەوەی ئەم وێستگە گرنگانەو دەمداخستنمان سووکایەتییە بە مێژوویەکی نزیک کە هەموومان تێیدا ژیاوین.

ترس لە دەستنەبەردن بۆ ئەمکارە بەئاشکرایی، هەر لە هێزە تاریکپەرست و فەندەمێنتالیستەکاندا نابینمەوە ، ئەوەندەی

دەسەڵاتی کوردیی بەرپرسە لەوەی کە چۆن تا ئێستا لایلایەی بۆ فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی کردووە و سوودی لێوەرگرتووە بۆ سەرکوتی ئازادیی، بە نۆ پەنجە داویە بەدەمییەوەو بە پەنجەیەک لێی سەندووەتەوە. ئاخر ئەم گەناوەیە شێخ زاناکان، بەرهەم دێنێت. بەردبارانکردنی ژن بەرهەم دێنێت. قسە لەسەر ئەوە نییە کە هێرش بکرێتە سەر ئیسلام و سووکایەتی بە سیمبڵەکانی بکرێ. بەڵکوو قسە لەسەر ئەوەیە کە بۆچیی شرۆڤەی ئەوە ناکرێ کە رۆڵی ئیسلام چیی بووە لە ئەنفالکردنی کوردستاندا، لە بەردبارانکردن و کوشتوبڕی ژناندا؟.

هەر لەپێوەند بە ئازادییەوە ، سەیری ئەو رووداوە تێکەڵ لە کۆمییدیی و تراژیدیایانە بکە لە کوردستاندا روویان دا سەبارەت بە سنگەوبەردنانی کچە ئێزیدییەکە"دوعا"، ئیسلامییەکان لە ئێران و ئەفگانستان، بەشی شێریان بەردەکەوێ لە بەردبارانکردنی ژنان بە بیانووی داوێنپیسییەوە، لەکوردستانیشدا دابونەریتی خێڵەکیی و کوردەواریی و ئیسلامیی، گیانی هەزاران ژنی کوردی سڕییەوەو بەوپەڕی خوێنساردییشەوە. کەچیی ئیسلامییە ژنکوژەکانی کوردستان، ئیسلامییە خۆتەقێنەرەوەکانی کوردستان، دێن داکۆکیی لە ئازادیی دەکەن؟. سەیریکەن ئیسلامییە ئازادییخوازەکانی کوردستان! چۆن تۆپەکەیان هەڵدایە دەرەوەی گۆڕەپانی خۆیان، لەکاتێکدا ئەوان دەبووایە جێگەیان دوا کەسیش نەبووایە لە ریزی ئەوانەی داکۆکیی لەئازادیی دەکەن، بەڵکوو دەبووایە ئەوان یەکەم کەسانێک بوونایە لە ریزی ئەوانەی ژن دەکوژن و دەبڕن نۆرەیان بگرتایە. ئەم خەمساردییە پێوەندیی بە درۆ گەورەکانی دەسەڵاتەوە هەیە لەهەمبەر ئازادیی. دەسەڵات و کولتوورە حیزبیی و خێڵەکییەکەی بەرپرسیارە لەم قوماری ئازادییەدا، لە کوشتنی ژناندا، لە خاچدانی ئازادییدا.

بێپسانەوەش حیزبەکانی کوردستان، هەمیشە بەرژوەندییە سیاسیی و حیزبیی و ئابوورییەکانی خۆیان دەخەنە سەروو هەموو شتێکەوە، ئێستا ئازادیی لەکوردستاندا لە گێژاوێکی قووڵی سیاسیی و فیکرییدایە، لەکەیۆسدایە. هێشتا دەسەڵاتی کوردیی بەبیانووی پووچ دیوارێکی بەدەوری خۆیدا رۆناوە دژی رەخنەگرتن، هەمیشە دژی ئازادیی رادەربرینە، چونکە لافاوی ئازادیی لەپێش هەموو شتێکدا پایەکانی دەسەڵات لەقولۆق دەکات. بەڵام بەبڕوای من ، گەورەترین لەمپەر لەسەر رێی ئازادیی نووسین و چامەنیی و رادەربڕین لەکوردستاندا، نووسەرانی سەربەدەسەڵاتن، بەتایبەت ئەوانەی خەتخوارن و لە باخەڵی دەسەڵاتدان و لە سەر ئازادییش قوڕ دەپێون.

**سەرچاوەکان:-**


- BOLLINGER, L. (1986) *The Tolerant Society: Freedom of Speech and Extremist Speech in America* London, Oxford University Press.
- DURANT, W & DURANT., A (1968) The *Lessons of History* New York, Simon and Schuster.
- RUSHDIE, S. (1991) *Imaginary Homelands: Essays and Criticism 1981-1991*, London, Granta Books.
- RUSSELL, B. (1969) *The Autobiography of Bertrand Russell: 1914-1944* New York, Bantam